# هێمای سەر دیواری پەرستگاکانی ئێزیدیاتی

حەمە هاشم

ئێزیدییەکان زۆر لە سرووت و دابە ئایینییەکانیان بە جۆرێک لە هونەری نواندن و میوزیک و ستران بەڕێوە دەبەن، لەپاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێ ئایکۆنی دیکەی پیرۆزیان هەیە وەک ڕەنگ و هێما کە گوزارشت لە میتودە جیاجیاکانی ئایینەکەیان دەکەن، بەسەر دیواری پەرستگاکانیانەوە، بەتایبەتیش پەرستگای گەورەی لالش و نێو زۆر لە نووسراوە تایبەتەکان و سەر گۆڕی هەندێک لە مردووەکانیان، کۆمەڵێک هێما و ڕەمزی ئایینی دەبینرێن کە شێوەیەکی هونەری و گوزارشت ئامێزیان هەیە، ئەم هێمایانە بریتین لە وێنەی (تاووس، ڕۆژ، گوڵ، مار، تەمبوور، تاوەی بخوور، ئاگر، دووپشک، سەری ئاژەڵی گا و مەڕ،... تاد).

گرنگترین و زۆرترین ئەو هێمایانەی کە لە زۆربەی شوێنەکان بەرچاو دەکەون، هێمای (ڕۆژ)ـە، ڕۆژ یەکێکە لە سیمبۆلە زۆر پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان، بۆیە لە شوێنە گشتییەکانیشدا بەرچاومان دەکەون، بەتایبەتی سەر قووبەی پەرستگاکانیان کە بە شێوەی هەڵکۆڵین لەسەر بەرد نەخشێنراون، هەندێ جاریش بەسەر (هلێل)ی سەرووی قووبەکانەوەیە، واتە ئەو هێما کانزاییەی کە لەسەر ترۆپکی گومەزەکانیان بەرزترین شوێنە دروست کراوە، دەربڕینی ئێزیدییەکان بۆ ڕۆژ لەو پیرۆزییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوان ئایینێکی کۆنی میترایین و لە بنەچەدا ڕۆژ وەک چاوی خودا دەبینن بۆ زەوی و بۆ ژیان، بۆیە لە هەندێ تێکستیشیاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە (ئێزیدی میللەتێ ڕۆژێنە)، لە هەندێ سەرچاوەی مێژووییشدا هاتووە کە ئێزیدییەکان ئایینێکن ڕۆژ دەپەرستن، هەر بەهۆی ئەم هۆکارانەشە ڕۆژ بووە بە سەرەکیترین ئاماژە و هێما بۆ ئایینەکەیان، لێرەشەوە دەبینین کاتێک سەردانی پەرستگای لالش دەکەیت، یەکەمین وێستگەی زیارەت کردن (پرا سیرات)ـە کە



لەسەرووی دەروازەکە (ڕۆژ)ێک بیست و یەک تیشکی هەیە، هەر ئەم ڕێزدانانە بۆ ڕۆژ وای کردووە کە لە دروستکردنی گومەزی سەر پەرستگاکانیشیان بەکار بێت و ئەو هێڵە لارانەی کە گومەزەکان پێکدەهێنن، دوازدە تیشکە، کە ئاماژەیە بۆ دوازدە مانگی ساڵ و سووڕانەوەی ڕۆژ بە دەوری زەویدا بە ماوەی دوازدە مانگ، بەڵام گەورەترینی ئەو گومەزانە گومەزی گەورەی لالشە و دەکەوێتە سەر گۆڕی (شێخ هادی) کە بیست و چوار تیشکە، ئەمەش دەربڕی بیست و چوار کاتژمێری ڕۆژە کە تێکڕای ئەو گوزارشتانە لە پێکهاتە سروشتییەکانی گەردوونەوە سەرچاوەیان گرتووە.

دووەم گرنگترین ئەو هێمایانە کە زۆر بەرچاومان دەکەون، هێمای باڵندەی (تاووس)ـە، ئەمەش لەبەر ئەوەی پیرۆزییەکی زۆری لەلای ئەوان وەرگرتووە، هەندێ بۆچوون هەن دەڵێن وشەی (تاووس) لە بنەڕەتدا دوو برگەیە و لە (تاو، وس) پێکدێت، تاو بە واتای (هەتاو)، یان تیشکی ڕۆژ و ڕووناکی، (وس)خوداوەندی پێکهێنانی زەوی و ژینە، یان بڵێین پەروەردگار، ئەم وشەیە واتای (ڕووناکی خودا) کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندی بە خۆرەوە هەیە و بەو تیرۆشکانەی ڕۆژ دەگوترێت کە لە گەردووندا هەن، بۆیە پەرستن و پیرۆز ڕاگرتنی (تاووس) جۆرێکە لە خودا پەرستی و ڕامانی ئەوان بۆ تاووس بەم جۆرەیە، بۆیەشە هێماکەیان بووە بە باڵندەی تاووس، لەلایەکی دیکەوە ئەوان ڕێوڕەسمێکی ساڵانەی گەورەیان هەیە پێی دەوترێت (تاووس گێڕان)، ئەم ڕێورەسمە بریتییە لە سرووتێکی ئایینی بۆ بەسەرکردنەوەی گوندە ئێزیدی نشینەکان لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە، ئەم ڕێوڕەسمە بەوە دەست پێ دەکات کە کۆمەڵێ لە گەورە پیاوانی ئایینی تایبەت بەو ڕێوڕەسمە پێکەوە هەر ڕۆژەی سەردانی گوندێکی ئێزیدی دەکەن و لە هەر گوندێک ڕۆژێک دەمێننەوە، ڕێوڕەسمەکە بریتییە لە کاروانێک بەپێ دەڕۆن و لە پێشەوە وەک پێشڕەو کەسێک هلێلێک بەسەر شانیەوەیە و قوماشی ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە، کاتێک کاروانەکە بەڕێ دەکەوێ، ئەم قوماشە ڕەنگاوڕەنگانە دەشەکێنەوە و وەک تاووس خۆیان نمایش دەکەن، دوای ئەویش کۆمەڵی لە قەوالەکانی دەف و شەباب ژەنەکان بەدوایدا دێن و پیاوانی ئایینی لەگەڵیدا بە خوێندنی قەولی ئایینی ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە دەبەن، ئەم ڕێوڕەسمە پێی دەوترێ (تاووس گێڕان) و پیرۆزییەکی زۆری هەیە، بۆیە لەسەر زۆربەی دیواری مەزارگەکان وێنەی تاووس دەبینین نەخشێنراوە، یان لەسەر دیوارەکان هەڵکۆڵراوە.

یەکێکی دیکە لەو هێمایانەی بەرچاودەکەون، وێنەی ماری ڕەشە، کە بە تەنیشتی دەرگای مەزارەکانەوە دەیبینین، بەتایبەتی لەسەر دەرگای سەرەکی پەرستگای لالش و لە زۆر شوێنی دیکە و هەندێک جار لەسەر کێلی قەبریش بەرچاو دەکەون، پیرۆزی مار لەوەوە هاتووە کە ماری ڕەش ڕامانە بۆ چارەسەر و دەرمان، چونکە پێیان وایە کە پەروەردگار ئەگەرچی نەخۆشی و برینداربوونی داناوە، ئەوە چارەسەریشی بۆ ناردوون کە ماری ڕەشە و زەهرەکەی مرۆڤ لە کۆمەڵێ دەرد و نەخۆشی کوشندە ڕزگاردەکات، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئێزیدییەکان خوداوەندێکیان هەیە بەناوی (شێخ مەند) کە بە (خوداوەندی مار) ناوی دەبەن، مەزارگەی (شێخ مەند) کە نزرگاکەی لە (شێخان)ـە، هەروەها مەزارگەیەکی دیکەی (شێخ مەند) لە باشووری چیای شنگال بە (قووببەی گەورە) ناو دەبرا و مارێکی ڕەشی گەورەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو کە لەدوای هێرشەکانی (داعش) بۆ ناوچەکەیان، ئەم مەزارە تەقێنرایەوە، هەروەها لە لالش و هەندێک لە گوندەکانی دیکەش (نیشانگە)ی هەیە، دەروازەکەی بە شێوەیەکی ستوونی وێنەی مارێکی لەسەر هەڵکۆڵراوە،یان وەک پەیکەری بارستەیی دروستکراوە و دواتر بەڕەنگی ڕەش ڕووپۆش کراوە.

بۆچوونێکی دیکەی ئێزیدییەکان لە پیرۆزکردنی (ماری ڕەش) ئەوەیە لەکاتی هەڵسانی لافاوەکەی (نووح)، کاتێک (نووح) کەشتییەکی گەورە دروست دەکات بۆ



ڕزگارکردنی بوونەوەر و گیانداران، لە ناو لافاوەکەدا کونێک لە کەشتییەکە دەبێت و ئاو لە کونەکەوە دێتە ناو کەشتییەکە، بەمەش مەترسی لەناوچوون بۆ هەموویان دروست دەبێت، لەو کاتەدا مارێکی ڕەش کە یەکێکە لەو گیاندارانەی (نووح) بۆ ڕزگارکردنی هێناویەتییە ناو کەشتییەکەی، دەچێتە ناو کونەکە و ئاوەکە دەوەستێنێت، بەمەش کەشتی و سەرنشینەکانی لە مەترسی نقوم بوون ڕزگار دەکات، ئەم چیرۆکەش وای کردووە کە (ماری ڕەش) ببێتە جێگای سەرنجی ئێزیدییەکان و وەک کایەیەکی (خێر) سەیری بکەن.

ئەستێرەی شەش گۆشە کە زۆرجار بە ئەستێرەی داوود ناو دەبرێت و مێژوونووسان بۆ ئایینی یەهوودییەکان دەیگەڕێننەوە، بەڵام ئاماژەگەلێک هەن باوەڕیان وایە کە هەبوونی ئەم هێمایە لەسەر هەندێ لە دیوارەکانی لالش بۆ هاوسەنگی و یەکسانی ژن و پیاو لە ئایینی ئێزیدا دەگەڕێتەوە و ڕەچەڵەکی ئەم هێمایە بۆ ئایینە کۆنە میترایییەکان دەگەڕێتەوە، گوزارشتی هێماکە وا قسەی لەسەر دەکرێت کە ژن و پیاوێک دەستەکانیان کردووەتەوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ دەیانەوێ باوەش بە یەکتردا بکەن، کە ئەمەش دەربڕی ئەو یەکسانییەیە کە لەنێوان هەردوولادا هاوسەنگە و شێوەی هێڵ و خاڵی گۆشەکانیش بەو هاوسەنگییە هەر ئەو دەربڕینەی هەیە، ئەمەش بۆ خۆی ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە لە ئایینی ئێزیدیدا ماف و ئەرک لە نێوان ژن و پیاودا هاوسەنگە و ژنانیش هاوشانی پیاوەکان دەتوانن لە ڕێوڕەسم و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن و ئەرکیان لەسەر شانە.

لە هەندێ جێگای دیکەدا کە زیاتر وەک ڕازاندنەوە بەکاردێن، نەخشی گوڵ دەبینرێت، گوڵی جۆراوجۆر، بەڵام گوڵی نیسان کە بە (گولیلکا نیسانێ) ناوی دەبەن، زیاتر دەبینرێت، ئەمەش لەبەر پیرۆزی جەژنی سەریساڵی ئێزیدییەکان لە مانگی چوار، واتا مانگی نیسان بەڕێوە دەچێت، ئەوان جگە لە نەخشاندنی دیوارەکانیان بە کۆڵینی ئەم جۆرە گوڵە، لەمانگی نیسان و لە ڕۆژی جەژنی سەری ساڵدا، گوڵی سروشتی نیسان لەگەڵ توێکڵی هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ بە جۆرێک لە هەویر بەسەر دەروازەی مەزارگە و سەر دەرگایماڵەکانیشیانەوە دەکەن و پێی دەڵێن (بێناڤ)، هەروەها لە زۆرێک لەو شوێنانەدا بە شێوەیەکی ئەندازەیی وێنەی گوڵیان نەخشاندووە کە هەندێ جار لەگەڵ شێوەی ڕۆژ ئاوێتەیان کردووە و بە دەوریدا پەڕەی گوڵ دەنەخشێنرێت، ئەم جۆرە نەخشانە زۆر گشتین و لە مەزارەکانی نزیک چیای (زاڤا) لە خۆرئاوای شاری دهۆک و ئەو مەزارانەش کە لە چیای شنگال هەن، هەروەها لە پەرستگای لالش زۆر بەربڵاون، لە نێو ئەم نەخشانەدا تایبەتمەندی (ڕۆژ، ساڵ، وەرزەکان) تێدا دەبینرێت بە شێوەیەک کە بازنەیەکی گەورەی لە زەخرەفە دروستکراو کە هێمایە بۆ ڕۆژ، لە دەوریدا بیست و چوار پەڕی گوڵ نەخشێنراوە، بەمانای بیست و چوارکاتژمێر کە لە ڕۆژێکدا تێدەپەڕێت، لەدوای ئەویش بازنەکە گەورەتر دەبێت و دوازدە پەڕەی گوڵی دیکە بەشێوەیەکی گەورەتر دروست کراوە کە هێمایە بۆ دوازدە مانگی ساڵ.

لە هەندێک لەو ئاماژانەشدا بازنەی خۆرەکە گەورەترە و سی پەڕەی گوڵ لە ناوەڕاستەکەی دەبینین کە هێمای ڕۆژەکانی مانگە، دواتر دەبێتەوە بە بیست و چوار و دواتر دوازدە مانگی ساڵ، زۆربەشیان بە چوارچێوەیەک، یان بە چوار لاسکی گوڵ کۆتاییان هاتووە کە ئاماژەی چوار وەرزی ساڵمان بۆ دەردەخەن، ئەمەش لەو بڕوایەیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێزیدیاتی بە سروشتەوە گرێ دراوە و زۆر بایەخ بە ڕۆژ و ساڵ و کاتەکان دەدات.

لە بەشێک لەو دیوارانەشدا دەبینین هەندێ جار وێنەی گوڵ کێشراوە کە جۆرێک لە ڕەمەکی پێوە دیارە و تەنیا بۆ پیرۆزی گوڵ و سروشت ئاماژەکەیان بە هێمای پیرۆز کردووە.

ئاگر وەک تێمایەکی زۆر کاریگەر بۆ ئایینی ئێزیدیاتی دوور نییە لەو نیشانە و هێمایانەی کە لەسەر بەردی

دیوارەکـان هەڵکۆڵراون، بۆیە دەبینین لە زۆر جێگا مەشخەڵ نەخشێنراوە کە هێمایە بۆ پیرۆزی ئاگر لەناو ئێزیدیاتی، ئەم پیرۆزییەش لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێزیدی پیرۆزی دەدەنە ڕۆژ و بەشێک لە گەرمی و سەرچاوەکانی ڕووناکیش ئاگرە، ئاگر لە هەندێ باوەڕدا وەک هۆکار بۆ پاکبوونەوە و ڕزگاربوون لە پیسی بەکاری دەهێنن، ڕەمزێکی کاریگەری خێرە بۆ زەوی، بۆیە لە هەندێ ڕێوڕەسمی ئایینی و بۆنەی کۆمەڵایەتیدا ئاگر بەکاردێت، وەک جەژنی (گوڕکا گا)، یان پێشی دەوترێت جەژنی (بێلیندا)، لەو جەژنەدا پێویستە ئاگر بکرێتەوە و وەک گێڕانەوەی هێزی زەوی و پاکبوونەوە و گۆڕانی کەشوهەوا بەسەریدا باز هەڵدەدەن، گوڕکا گا بەمانای گڕی گا، کاتێک لەناوەڕاستی مانگی دووی هەموو ساڵێک جووتیاران لە کاری کێڵانی زەوییەکانیان دەبنەوە کە بەهۆی گاکانیانەوە زەوییەکانیان کێڵاوە، بۆ پیرۆزی زەوی و هێزی گا، دەبێ هەرماڵێک ئاگرێک لە پووشی ڕەشک، یان پێی دەوترێ (بوتاف) لەبەر دەرگای ماڵەکەی بکاتەوە و جووتیاری خاوەن ماڵ بەسەریدا بازهەڵبدات بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ئەو ڕامانەی کە هێزی بازووی خۆی و گاکەی لەگەڵ سروشتدا هاوبەشیان پێ کراوە، لەلایەکی دیکەوە پیرۆزی ئاگر لە هەڵکردنی چراوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەموو ئێوارانێک لە پەرستگای لالش (٣٦٦) چرا هەڵدەکرێت، ڕۆژێک لای ڕۆژهەڵات و بۆ ڕۆژی دووەم لای ڕۆژئاوای، تەنیا چوارشەممە و هەینی نەبێت کە هەموو دۆڵی لالش پڕ دەکەن لە ڕۆشنایی چرا، ئەمەش گوزارشتە بۆ بەردەوامیدان بە ڕووناکی کاتێک خۆر ئاوا دەبێت باوەڕیان وایە هەڵکردنی چرا لە لالش دەبێتە بەردەوامی ڕۆشنایی و پێوەندی هەمیشەیی و دانەبڕاو لەگەڵ دروستکاری گەردوون و سروشت کە ڕۆژ و ڕووناکی سەرچاوەکەیەتی.

جگە لەمەش لەسەر کێلی گۆڕی هەندێک لە مردووەکانیان نەخشی مەشخەڵ، یان چرا هەڵکۆڵراوە، بەتایبەتی لە گۆڕستانی گوندی (بۆزا) لە باشووری ڕۆژئاوای شاری دهۆک کە یەکێکە لە کۆنترین و گەورەترین گۆڕستان کە زۆرترین نەخشونیگار لەسەر کێلی گۆڕەکانیان هەیە،چونکە ئەوان کاتێک مردوویان لێ دەمرێت، دەبێ حەوت ڕۆژ لەماڵی مردووەکە چرا هەڵکەن، ئەم چرا هەڵکردنەشیان بۆ ئەوەیە کە ڕوحی ئەو مردووە پڕ بێت لە نوور و لەلای ڕۆشنایی چاکەکانی بەدەرکەونەوە.

یەکێک لە هۆزەکانی ئێزیدی بەناوی (چێلکا) ساڵانە جەژنێکی تایبەتیان بە ناوی (جەژنی باتزمی) هەیە، هەموو ئەو خەڵکانەی گرێدراوی ئەم جەژنەن، پێویستە حەوت ڕۆژ لەماڵەکانیان (چرا) هەڵکەن، تێکڕای ئەم بابەتانە پیرۆزی زۆر بە ئاگر لەلای ئێزیدییەکان دەدەن، ئەوە جگە لە جەژنی نەورۆز کە پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە لەلای ئارییەکان و ئایینە میترایییەکان کە ئێزیدییەکان خۆیان بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەوان لە قەڵەم دەدەن و بەلایانەوە بایەخی ئاگری نەورۆز زۆرە و پیرۆزە.

هێماگەلێکی دیکە هەن کە زۆرجار تەنیا بۆ مانەوە وەک سیمبۆل دەنەخشێنرێن، وەک (تاوەی بخوور)، یان (چەقەلتوو)، ئەو تاوەیەی کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە و دووکەڵێکی سپی لێ بەرزدەبێتەوە و لە پێش ئامێرە میوزیکییە ئایینییەکانەوە لە ڕێوڕەسمەکاندا دەڕۆن، یان لە پێش ئەو مجێورەوە دەڕۆن کە ئەرکی هەڵکردنی چرایە، ئەمەش شێوەکەی وەک تاوەی ئاساییە.

گۆچان، یان (گۆپاڵ) لە هەندێ شوێن وەک هێما دەردەکەوێ کە لە ڕامانی ئەواندا نیشانەیە بۆ بەهێزی و دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی پیاوانی ئایینی، بەتایبەتی لەسەر مەزارە گەورەکان دەبینرێت، جگە لەمانە کۆمەڵێ بابەتی دیکەش جێگای بایەخن و لە هەندێ ناوچە وەک هێما لەسەر دیواری پەرستگاکان هەڵکۆڵراون، وەک (خەنجەر، وێنەی باڵندەی جۆراوجۆر، کتێب، چڵی ڕووەکی زەیتوون، سەری ئاژەڵ)،

ئەم هێمایانە هەندێکیان تایبەتمەندی خوداوەندەکان لەخۆدەگرن، واتا هەر پەرستگەیەک هی خوداوەندێکە، هەر خوداوەندێکیش هێمایەکی هەیە، وەک مەزاری (مەحمەڕەشان) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشیک لە شاری مووسڵ، خوداوەندی بارانە، لەوێ گرنگی بە هێمای (شێر) دراوە، هەروەها مەزاری (مەمێ شڤان) لە کۆمەڵگای (خانکێ) لە ڕۆژئاوای دهۆک کە خوداوەندی (پەز)ە و لەسەر دیوارەکانی وێنەی (مەڕ) کێشراوە، ئەوجا مەزاری (پیری جەڕوانا) لە خۆرهەڵاتی (لالش) کە وێنەی دووپشک لەسەر دیوارەکەی هەڵکۆڵراوە.

ئەم هێماو سیمبۆلانە بەشێکی گەورەن لەو کولتوورە گرنگەی ئێزیدییەکان کە بایەخ بە هێماکانی دەدەن و وەک هونەر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.